ژمارەی پەیـــڕەو:
ڕێکەوتـــی دەرکردنی پەیـــڕەو:

(پەیـــڕەو)

پشت بەست بە بڕگەی ( ٣ ) لە ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە ٣ ساڵی ١٩٩٢، و لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٦) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٢/١٤، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە:

# پەیڕەوی ژمارە (  ) ساڵی ٢٠٠٩
# پەیرەوی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە هەرێمی کوردستان

## بەشی یەکەم
## دامەزراندنی ئەنجومەن و پێکهاتەی

**ماددەی یەکەم:**

١. دامەزراندنی ئەنجومەنێك لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ناوی (ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە هەرێمی کوردستان) بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و ئەندامێتی وەزیرانی (ناوخۆ، دارایی وئابووری، پەروەردە، داد، ڕۆشنبیری، کاروکاروباری کۆمەڵایەتی) وچەند ئەندامێکی شارەزا و خاوەن ئەزموون لە بواری کاروبار و بزاڤی خانمان و چاڵاکی مەدەنیدا، و لەمەوپاش لەم پەیڕەوەدا بە (ئەنجومەن) ناوی دەبرێت.

٢. ئەنجومەن نابێت لە (٧) کەس کەمتر و لە (٩) کەس زیاتر بێت و بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەست نیشان دەکرێن، وئەندامێتی بۆ ماوەی چوار ساڵ دەبێت و دەکرێت بۆ یەك جار بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران نویێ بکرێتەوە .

٣. مەڵبەندی سەرەکی ئەنجومەن لە هەولێر دەبێت، و دەتوانێت ناوەند لە شارەکانی هەرێم بکاتەوە، ئەنجومەن دەتوانێت لیژنەی پێویست بۆ بوارە جیاوازەکان وبۆ ئەنجامدانی ئەرك و کارەکانی دروست بکات و دەکرێ هەندێکیان کاتی بن وئەوانی تر هەمیشەیی و لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەن سەرۆکایەتی لیژنەکان دەکرێت .

٤. ئەنجومەن ئەمیندارێکی گشتیی دەبێت کە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەنرێت وئەرك و کارەکانی ڕۆژانەی ئەنجومەن رادەپەڕێنێ وهاریکاری ئەنجومەن دەبێ لە جێ بە جێکردنی ستراتیژییەکانیدا.

## بەشی دووەم

## ئەرکەکانی ئەنجومەن

**ماددەی دووەم:**

ئەرك و ئامانجە سەرەکییەکانی ئەنجومەن ئەمانەی خوارەوەن :

١. پێشنیازکردنی سیاسەتی گشتیی سەبارەت بە خانمان لە دەزگا دەستوری ومەدەنیەکانی کۆمەڵگەدا .

٢. سازدان وهاندانی دەزگاکانی حکومەت بۆ یارمەتیدانی خانمان بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی شیاوی خۆیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ببینن .

٣. جێگیرکردنی چەمکی یەکسانی لە نێوان خانم وپیاودا لە هەموو بوارەکاندا.

٤. دانانی پلانێکی تۆکمە و واقیعبینانە بۆ پێشخستنی خانمان لە بوارەکانی خوێندن و تەندروستی وکاردا.

٥. کاراکردنی بەندەکانی دەستوور کە لە بەرژەوەندی خانماندا وتاوەکو ئێستا نەخراونەتە واری جێ بە جێکردنەوە .

٦. پێشنیارکردنی دروستکردنی دەزگا و ناوەندی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خانمان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، خوێندن وئابوری .

٧. بەشداری کردن لەو لیژنە و دەستانەدا کە حکومەت دروستیان دەکات سەبارەت بە پرس و کێشەکانی خانمان .

٨. گێرانی کۆڕ و سیمینار و بەستنی کۆنفرانس ووركشۆپ بۆ ڕێنمایی کردنی خانمان و گەشەکردن بە وزە و تواناکانیان .

٩. هەوڵدان بۆ کردنی بڕیار و یاسایە نێونەتەوەییەکان بە بەشێك لە یاساکانی هەرێم و بەدواداچوونی جێ بە جێکردنیان .

١٠. کردنەوەی ناوەندێکی تایبەت بە خانمان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری وداتای پێویست لە بارەی خانمانەوە وبارۆدۆخی ماف خانمان وئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانە و وەرزیانە لە سەر رەوشی خانمان لە کوردستان .

١١. پێشکەشکردنی ڕاوێژ بۆ دامودەزگاکانی حکومەت راوێژ لەو پرسانەی پەیوەندییان بە خانمانەوە هەیە بە تایبەتی لە بواری ئەو یاسا و تەشریعاتانەی پەیوەندیدارن بە پرسەکانی خانمانەوە.

١٢. هاندانی زانکۆکان و ناوەندەکانی زانستی کوردستان بۆ ئامادەکردن و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی دەربارەی باروذۆخ و کێشەکانی خانمان وپێگەیان لە کۆمەڵگەدا .

## بەشی سێیەم

## حوکمە گشتییەکان

**ماددەی سێیەم:**

١. ئەنجومەن بۆ ڕێکخستن وئەنجامدانی کار وچالاکییەکانی پەیڕەو وسیستەمی نێوخۆ بۆ خۆی دادەنێ .

٢. پێویستە لە سەر دامودەزگاکانی حکومەت زانیاری و ئاماری پەیوەست بە کاری ئەنجومەن پێشکەش بە ئەنجومەن بکەن .

**ماددەی چوارەم:**

١. لە بودجەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەشێکی دەبێت.

٢. خەرجییەکانی ئەم ئەنجومەنە لەو بەشە دەبێت.

٣. ئەنجومەنەکە بۆی هەیە لە هەر هاریکاری و یارمەتییەك کە یاسا رێگای پیٚ دەدات سوود وەربگرێت.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم پەیڕەوە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**د. بەرهـــەم ئەحمـــەد ساڵح**

**سەرۆکـــی ئەنجومەنـــی وەزیـــران**

هەرێمی کوردستان-عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

**پەیڕەوی ژمارە ٣ ساڵی ٢٠١٠**

**پەیڕەوی هەموارکردنی پەیڕەوی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

پشت بەست بە برگەی (٣) لە ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە ٣ ساڵی ١٩٩٢، ولە بەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، بڕیارماندا بە:

١) هەموارکردنی برگەی ٤ لە ماددەی یەکەم لە پەیڕەوی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١ ساڵی ٢٠١٠، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

**{٤- ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان ئەمینداریکی گشتی دەبێت و بە پلەی تایبەت لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بە فەرمانی هەرێمی دادەمەزرێت، و ئەرک وکارەکانی ڕۆژانەی ئەنجومەن ڕادەپەڕێنێت وهاریکاری ئەنجومەن دەبێت لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەکاندا، و ئەرک ودەسەڵاتەکانی لە لایەن ئەنجومەنەکەوە دیاری دەکرێت.}**

٢) وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم پەیڕەوە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە، ولە ڕۆژنامەی ڕەسمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.



**بەرهەم ئەحمەد ساڵح**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**